لە باڵنێکی هەواییدا.. پاسەوانی سنوور دەست بەسەر بڕێک ماددەی هەشبەردا دەگرێت

ئەمڕۆ یەکشەممە،فەرماندەیی هێزی سنوور، دەستبەسەراگرتنی 23 کگم لەماددەی هەشبەر لەجۆری کاپتاگۆن بە باڵنێکی هەواییدا راگەیاند.

فەرماندەییەکە لە بەیاننامەیەکدا باویکردەوە: لەچوارچێوەی بەردەوامیدان بە هەوڵەکانی پاڵەوانانی فەرماندەیی هێزی سنوور لە بەرەنگاربوونەوەی قاچاخچێتی ماددە هەشبەرەکان و پاراستنی سنووری وڵات، هێزەکی لیوای سنووری شش بە هاوکاری لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ماددە هەشبەرەکان و کاریگەری دژوونیەکان توانییان ڕێگری لە هەوڵەکی نوێی قاچاخچێتی لە ڕێگەی باڵنێکی هەواییەوە بگرن.

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە : لە میانی ئێپراسیۆنەکەدا، باڵنێک دەستی بەسەردا گیرا کە باری (22 کگم و 960 گرام) حەبی هەشبەری جۆری کاپتاگۆنی پێبوو، کە قاچاخچییەکان هەوڵیان داوە بە شێوەیەکی نائاسایی بیهێنن ناو وڵاتەوە.